هەرمسوڵمانێك تووشی كارەساتێك بێت وئەوە بڵێت كە الله فەرمانی پێكردووە: (إِنَّا لِلهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ)^، (اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي، وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا)^^

له ئوم سەلەمەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- كە دەیفەرموو: «هەرمسوڵمانێك تووشی كارەساتێك بێت وئەوە بڵێت كە الله فەرمانی پێكردووە: (إِنَّا لِلهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ)^، (اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي، وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا)^^، ئەوا خوای گەورە شتێكی خێرتر دەخاتە شوێنی بۆی»، دەڵێت: كاتێك ئەبو سەلەمە مرد، ووتم: چی مسوڵمانێك خێرترە لە ئەبی سەلەمە؟ ومااڵەكەی یەكەم ماڵ بوو كە كۆچی كرد بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، پاشان ئەم (نزایەم) ووت، بۆیە خوای گەورە لە شوێنی ئەو پێغەمبەری خودای پێدام -صلى الله عليه وسلم-. ^(واتە: ئێمە هەر هی خواین وهەر بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە [البقرة: 156])، ^^(واتە: خودایە، بەهۆی ئەم كارەساتەوە؛ پاداشتم بدەرەوە، وشتێكی خێرتر بخەرە شوێنی بۆم).

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی كردووە]

ئوم سەلەمە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: جارێكیان گوێی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو كە فەرمووی: هەرمسوڵمانێك تووشی كارەساتێك بێت وئەوە بڵێت كە الله پێی خۆشە: (إِنَّا لِلهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) [البقرة: 156] (واتە: ئێمە هەر هی خواین وهەر بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە)، (اللَّهُمَّ أْجُرْنِي:خودایە پاداشتم بدەرەوە)؛ هەروەها پاداشتی ئارامگرتنم پێببەخشە، (فِي مُصِيبَتِي:لە كارەساتەكەم)، (وَأَخْلِفْ لِي:شتێك بخەرە شوێنی بۆم)؛ قەرەبووم بكەرەوە، (خَيْرًا مِنْهَا:كە خێرتر بێت -لەوەی لەدەستم دا-)، ئەوا خوای گەورە شتێكی خێرتر دەخاتە شوێنی بۆی. ئوم سەلەمە دەڵێت: كاتێك ئەبو سەلەمە مرد، ووتم: چی كەسێك لەئێو مسوڵمانان خێرترە لە ئەبی سەلەمە؟! یەكەم خێزان ماڵی ئەو بوو كە كۆچی كرد بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، پاشان خوای گەورە یارمەتیدام وئەو نزایەم ووت كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی، بۆیە خوای گەورە لە شوێنی ئەو پێغەمبەری خودای پێدام -صلى الله عليه وسلم-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65772